(( بـــەیـاننـــامـە ))

پشت بە ئەحکامی مادده (٥) لە نیزامی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠١ ، دەستەی باڵای هەڵبـژاردنی شـارەوانی بڕیاری‌ـدا ڕۆژی ٢٠٠١/٥/٢٦ بکرێـت بـە ڕۆژی هەڵبـژاردنی سـەرۆك و ئەنـدامانی ئەنجوومەنی شارەوانی لە هەرێمدا .

بەیاننـامەیـەك

لە دەسـتەی بـاڵای هـەڵبـژاردنی شـارەوانی کـوردسـتانی عێـراق

بە پێی ئەحکامی مادده (٢٢) لە قانوونی بەڕێوەبردنی شارەوانی‌یەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ و مـادده (٨ و ٩) لـە نیزامـی هەڵبـژاردنی شـارەوانی ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠١ ، ئـەو هاوولاّتیانەی کە مەرجەکانی خوارەوەیان تێدایەو دەیانەوێت بۆ سەرۆك یان ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی خۆیان هەڵبژێرن ، دەبێ لە ماوەی (١٠) ڕۆژ دوای ٢٠٠١/٤/١٧ ( کە ڕۆژی هەڵبـژاردنی شارەوانی ڕاگەیێنرا) داواکاری خۆیان بۆ هەڵبژاردن بدەنە سەرۆکی ئەو یەکە ئیداریەی ( پارێزگا ، قائمقام ، بەڕێوەبەری ناحیە) کە شارەوانی یەکە لە سنووری ئەودایە ، یا ڕاستەوخۆ بیدەنە دەستەی باڵا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران .

<u>یەکەم : مەرجەکانی سەرۆك و ئەندامانی شارەوانی :</u>

١. دەبێ تەمەنی لە (٣٠) ساڵ کەمتر نەبێ .
٢. دەبـێ پێشتر هیچ حوکمێکی بەسەردا نەدرابێ کە ئابڕووبەر بێ ، ( مخلە بالشرف) یان بە کوشتنی عمد یان دزی نەگیرابێت و ئەهلیەتی قانوونی تەواوی هەبێت و لە هیچ تاوانێك ، کە دەسەلاّتی دیکتاتۆری لە کوردستان نەخشەی بۆ کێشابێ بەشداری نەکردبێ .
٣. بـۆ هـەر هاوولاّتیـەك هەیـە ( پیـاو یـان ئـافرەت ) کـە دانیـشتووی ئیعتیـادی سـنووری شارەوانییەکە بێت خۆی هەڵبژێرێ .
٤. سـەرۆکی شـارەوانی دەبـێ بـەلای کەمـەوە هـەڵگری بڕوانامـەی ئامـادەیی یـا بەرامبـەری ئامادەیی بێت .

دووەم : سەبارەت بەو شارەوانی یانەی کە بڕیارە بەم زووانە دروست بکرێن ، ئەو هاوولاّتیانەی کە نیازی خۆ هەڵبژاردنیان هەیە بۆ سەرۆك یان ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی دەبێ لە ماوەی (١٠) ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی دروست بوونی شارەوانی‌یەکە ناوەکانی خۆیان پێشکەش بکەن .

سـامـی عبـدالـرحـمن
سـەرۆکی دەسـتەی بـاڵای هەڵبـژاردنی شـارەوانی
لە هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق

ئـــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com